تەلبیە)ی^ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە بوو:) «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: (تەلبیە)ی^ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە بوو: «لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك»، واتە: «خودایە وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە، وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە، وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە هیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە، وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس ونیعمەت ومولْکێک تەنها هەر بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە». ڕاوی لە عبد الله وە دەڵێت: وعبداللەی کوڕی عومەر ئەمەی زیاد دەکرد: «لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، والخير بيديك، وَالرَّغْبَاءُ إليك والعمل»، واتە: «وەڵامی تۆم دایەوە وەڵامی تۆم دایەوە، ودڵخۆش وئاسوودەمان بکە لەسەر پەرستنی تۆ، وخێر هەمووی لە نێو دەستەکانی تۆدایە، وەڵامی تۆم دایەوە ومەبەستمان تەنها تۆیە لە داواکردنی پاداشت وکردەوەکانمان تەنها هەر بۆ تۆیە». (تەلبیە واتا: زیکری وەڵامدانەوەی بانگکردن بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە لە ماڵی خودا^).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە مەراسیمەکانی حەج وعومرە دەستپێبکات؛ بەم شێوەیە تەلبیەی دەکرد ودەیووت: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ:خودایە وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە، وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە)؛ وەڵامدانەوە لەکاتی خۆی، لەپاش وەڵامدانەوەی ئەوەی بانگت بۆ کردین لە دڵسۆزی وتەوحید -یەك خوا پەرستی- وحەج کردن وهتد، (لَبَّيْكَ لا شريك لك لَبَّيْكَ:وەڵامی بانگەوازی تۆم دایەوە هیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە)؛ تەنها تۆ شایستەی پەرستنیت، هیچ هاوبەشێکت نییە لە پەروەردگاری وخودایەتی -پەرستراوێتی- وناو وسیفەتەکانت، (إن الحمد:بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاسێك)؛ وستایش و وەسفکردنێك، (والنعمة:ونیعمەتێك)؛ لە تۆوەیە وتۆ دەیبەخشی، (لك:هەر بۆ تۆیە)؛ بەرەو لای تۆ ئاراستە دەکرێت لە هەموو حاڵەتێکدا، (والملك:ومولْکێك)؛ بەهەمان شێوە هەر هی تۆیە، (لا شريك لك:هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە)؛ هەمووی بەتەنها بۆ تۆیە. ئیبن عومەر ئەمەی بۆ تەلبیەکە زیاد دەکرد ودەیووت: «لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ:وەڵامی تۆم دایەوە وەڵامی تۆم دایەوە، ودڵخۆش وئاسوودەمان بکە لەسەر پەرستنی تۆ)؛ ئاسوودەیمان پێببەخشە لەپاش ئاسوودەیی، (والخير بيديك:وخێر هەمووی لە نێو دەستەکانی تۆدایە)؛ هەموو لە فەزڵ وبەخشندەیی تۆوەیە، (وَالرَّغْبَاءُ إليك:وەڵامی تۆم دایەوە ومەبەستمان تەنها تۆیە لە داواکردنی پاداشت)؛ پرسیار وداوا کردن تەنها لە ئەو کەسە دەکرێت کە هەموو خێرێك لەنێو دەستیدایە، (والعمل:وکردەوەکانمان تەنها هەر بۆ تۆیە)؛ چونکە تەنها تۆ شایستەی پەرستنیت.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee